# ڕێکەوتننامەی ئەمنی نێوان ئەمریکاو عێراق، مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر خەڵکی عێراق و کوردستان و ناوچەکە

**عبداللە مەحمود**



وابڕیارە ئەمریکاوعێراق تا کۆتایی مانگی تەموزی ئەمساڵ ڕێکەوتننامەی ئەمنی درێژخایەن کەلانی کەم دوو دەهە کەمتر نەبێت ئیمزا بکەن.

بەپێی ئەو هەواڵانەی تائێستا بلاوکراونەتەوە، ئەمریکا خوازیارە لانی کەم 50 بنکەی سەربازی دوای کشانەوەی لەعێراق دابمەزرێنێت، هەروەها بۆ ماوەیەکی دریژخایەن هێزەکانی ئاسایش، سوپا، وەزارەتی ناوخۆ بخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە. و هیچ پۆستێکی ئەمریکییش پشکنین!! نەیگرێتەوە.

ئەمریکا هەموو هەوڵێکی خستۆتەگەرو خەریکی گوشارهێنانە بۆ حکومەتەکەی مالکی تا ئەم ڕێکەوتننامەیە هەرچی زووە مۆر بکرێت.

ئەوە کەپێی دەوترێت ڕێکەوتننامەی ئەمنی نێوان حکومەتی عێراق و ئەمریکا، سیاسەتێکی دیکەی ئەمریکایە، سیاسەتی ئیعتراف نەکردن بە شکست و درێژەدان بەجەنگ، ئەمەش مەترسیەکی ترسناکە چ بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان و چ بۆناوچەکە بەگشتی. بەتایبەتیش ئەگەر بەم شێوەیە بێت کە تائێستا ڕاگەیەنراوە.

هیچ لەوە ڕۆشنتر نییە کە جەنگخوازی ئەمریکاو داگیرکردنی عێراق و بوونی لە عێراقدا، خۆی فاکتەرو لایەنی سەرەکی نائەمنکردنی عێراق و ناوچەکەیە، جەنگ و داگیرکاری ئەمریکا نەك هەر کۆمەڵگای عێراقی داغان کرد، و کردیە نائەمنترین شوێن و گۆشەی دنیا، کردیە مەیدانی خوێنڕێژییەکی بەردەوام، کردیە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشەی خۆی لەگەڵ نەیارانی لە دنیادا، کردیە گۆڕەپانی بەیەکدادانی تایفی و قەومی و مەزهەبی، کردیە ژینگەی سەرهەڵدانی تیرۆرو مەڵبەندی پێگەیاندنی تیرورستان، کردیە شوێنێك بۆ قەسابیکردنی جەماعی خەڵك و مختەبەری داهێنانە تیرۆرستیەکان و تەقاندنەوەو کردەوەی کوشتاری خەڵك و خۆکوژی، و کردیە قوتابخانەی پێگەیاندنی زەرقاویەکان و بەچکە سەدام حسێن و خومەینی و خامەنەییەکان و نەسرولاکان، بەڵکو زوربەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیاشی تووشی نائەمنی کرد. تیرۆرو ڕەوتە ئیسلامیەکانی بە پانتایی هەموو گۆشەو کەنارەکانی دنیادا بلاوبوونەوە، نەك هەر عێراق کرایە ئەفغانستانی سەردەمی جەنگی سارد، بەڵکە داگیرکاری و جەنگ لە عێراقدا، ئەفغانستانی خستەوە دەست تاڵیبان و ئێستا ئیتر دوبارە سەریان بەرزکردۆتەوە، ئەمرۆ عێراق و ئەفغانستان، لە پال ئێراندا... سیکۆچکەی هەڕەشەن بۆ سەر دنیای ئەم سەردەمە.

دیارە ئەمە درێژەی دەبێت، ڕێکەوتننامەی ئەمنی کە ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەکات و بێگومان لە بناغەدا پرۆژەی ئەمریکی یە، پرۆژەیەکە بۆ درێژەدان بە سیاسەتی جەنگخوازی و ملهوری لە عێراقدا، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە.

ئەمریکا کە لەعێراقدا لەبەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی و دەستەو تاقمە تەفکیری بەعسیەکاندا و تووشی ناکامی و شکست هاتووە، دەیەوێ ئەوە کە لەم شێوە جەنگەدا سەرنەکەوتووە بە شێوەی تر و لە ژێر ناوی رێکەوتننامەی ئەمنی و دیبلۆماسیدا، بباتە پێشەوە. لەلایەکەوە دەیەوێ بە شێوەی ڕەسمی و ڕێکەوتننامەی مۆرکراو، حزوری سەربازی و سیاسی خۆی بهێڵێتەوەو بە چاودێریکردنی سوپاو هێزە ئەمنیەکان و وەزارەتی ناوخۆی عێراقیش

ئیدامەی جەنگ و نەخشە سیاسیەکانی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا بەڕێوە ببات. لەلایەکی تریشەوە پاشەکشەیەکی ئابڕووبەرانە بکات و زەمانەتی دەوری ملهوڕانەی خۆیشی بۆ چەندین دەهەی تر لەناوچەکە فەراهەم بکات.

ئەم سیاسەتە کە ئەم ڕێکەوتنامەیە زامنی ئەو سیاسەتەی بۆ ئەکات، لە هیچ بارێکدا نەك لە قازانجی خەڵکی عێراق و کوردستاندا نییە، بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە مەترسیەکی گەورەیە لەسەر خەڵکی عێراق و کوردستان و ناوچەکە.

مانەوەی ئەمریکا بە پێی ئەم ڕێکەوتننامەیە یانی درێژەدان بە وەزعی نائەمنی عێراق و داگیرکاری و ڕەسمیەتدان بە داگیرکاری و میلتاریزم و عەسکەرتاریەت و درێژەدان بەو شەڕەی ئێستا هەیە، یانی درێژەدان بەدەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە لە پێشیانەوە ئێران و توکیا. یانی پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی عێراق لە دەستبردنی بۆ هەر ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆکۆتاییهێنان بە نائەمنی و شەڕو کوشتارو کێشمەکیشی تایفی و قەومی و دینی. یانی پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی و تەنانەت بڕیاری ڕێکخراوەی هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان، یانی کردنی عێراق بە پایەگایەکی سەربازی هەمیشەیی بۆ ملهوری نواندنی لەبەرامبەر دنیاو وڵاتانی ناوچەکەدا.

بۆ خەڵکی کوردستانیش بەهەمان شێوە بەمانای پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانە لەدەستبردن بۆ هەر ڕێگاو هەنگاوێکی سیاسی کە بیانەوێ سەربەخۆ لە داگیرکاری و ئەمریکا بینێن، بەمەبەستی دیاریکردنی ئایندەی سیاسیيان، یانی درێژەدان بەو گێژاوە سیاسیەی کوردستانی تیا ڕاگیراوە، یانی درێژەدان بە بیناسنامەیی وڵاتی کوردستان و بەڕەسمی نەناسینی ماف هاوڵاتی بوونی دانیشتوانەکەی لە باری حقوقی و وڵاتیەوە، یانی فەرز وەرگرتنی دەسەڵاتی میلیشایی و وەستانەوە لەبەرامبەر هەر هەوڵێکدا بۆ پێکهێانی دەوڵەت و ویاساو ڕێسای سەربەخۆی وڵاتی و پیناسەکراو و مەدەنی. یانی دەروازە بەکراوەیی هێشتنەوە بۆ ملهوی نواندنی وڵاتانی ناوچەکە، یانی میلیتاریزەکردنی کوردستان، یانی پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی حزب و لایەنەکانی سەرساحەی سیاسی، یانی کردنی کوردستان بە مەیدانی یەکلاکردنەوەی کێشمەکێشی خۆی لەگەڵ ئێران و... تاد.

تا ئێستا ئەوەی کە ڕێگرە لەوەی کە ئەم ڕێکەوتننامەیە مۆر بکرێت، گوشاری ڕژێمی ئێرانە، بەسەر هێزە شیعیەکانی سەربەخۆیەوە کە مل نەدەن بەو مەرجانەو بەم ڕێکەوتانامەیە، ئەویش نەك بە خاتری خەڵکی عێراق و کوردستان، نەك لەبەرئەوەی کە خوازیاری کۆتاییهێنانە بە داگیرکاری و گێرانەوەی مەدەنیەت بۆ خەڵکی کوردستان، نەك بەخاتری ئەوەی ئیرادەی سیاسی خەڵکی عێراق و کوردستانی بۆ گرنگە، نا بەڵکو بە خاتری ئەوەی دەیەوێت ئەمریکا برواتە دەرەوەو نفوزی ونەخشی سیاسی خۆی لە غیابی ئەمریکادا زیاتر بکات، سەراسەری بکات، وە عێراق و کوردستان نەبێتە جغرافیا و مەیدانێك بۆ کەڵك وەرگرتنی ئەمریکا لە دژی ئێران بەتایبەتیش کە کێشمەکێشی نێوانیان واقعیەتێکەو دنیا شاهیدی کێبەرکێیانە، کە بەجیا لەهەر دۆسیەیەکی جیهانی و ناوچەیی هۆکاری بناغەیی کێشمەکێشەکەشیان عێراق و ئایندەیەکەیتی.

دیارە حزبە ناسیونالستە کوردکان لە پیشیانەوە یەکیتی و پارتی تائیستا لەوە ئەچیت ریکەوتامەکەیان قبول بیت و پیشوازی لیبکەن، تائیستا ئەمان لە خۆشبینی بەو ریکەوتنامەیە زیاتر هیچی تریان بەیان نەکردووە، یەکیتی و پارتی و بزوتنەوەی قەومی کورد، بە پیی لیکدانەوەی خۆیان مۆرکردنی ئەم ریکەوتامەیە بە قازانجی خۆیان دەبینن، ولایان وایە بەهەرئەندازە حزوی ئەمریکا لە عیراق و کوردستان بمینیتەوە ئەمان زەمانەتی دریژەدان بە دەسەلاتداریتیان پاریزراو تر دەبیت، ئەمان لەم هیزانەن نە سەربەخۆیی کوردستان و نە ئیرادەی سیسیای خەلکەکەی بەهەند ناگرن و ئەوەی بۆیان گرنگە دەسەلاتی تالانچیتی خۆیانە و وەکو هەمیشەش

ئەیانەوی لە سیبەری داگیرکاری و وولاتانی زلهیزو کیشمەکیشی ناوچەییدا گولە بەهارەی دەسەلاتیان بە سەوزی بهیلنەوە. بیگویدانە ئەوەی خەلکی کوردستان چی بەسەردیت و چ موسیبەتیك بە مانەوەی ئەمریکاو میلتاریزەکردنی عیراق و کوردستان و ناوچەکە بەسەر خەلکی ناوچەکە دیت.

ئەمریکا کە خۆی هۆکارێکی سەرەکی نائەمنکردنی عێراق و ناوچەکەیە، هۆکاری سەرەکی شەڕی قەومی تایفی و مەزهەبی و میلیتاریزمە کە عێراقی نوقمی کوشتارو خوێنکردووە، کە کوردستانی سەرگەردان و بێناسنامەی وڵاتی و بێئایندە کردووە لە گێژاوی سیاسیدا ڕایگرتووە، هاوکات بۆتە هۆکارێك بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت ئێران و بردنە پێشەوەی کێشمەکێشی خۆی لەگەڵیدا، بە چوونە دەرەوەی" کردنە دەرەوەی" ئەمریکا و کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانی ئێران لە وەزعی عیراق و کوردستاندا، خەڵکی عێراق و کوردستان ڕێگایەکی ترو چارەنووسێکی ترو ئایندەیەکی تر بەڕوویاندا دەکرێتەوە کە داگیرکاری نییە، کە میلتاریزمی ئەمریکاو ملهوری نواندی ئێران نییە، بەمەش هۆکارو لایەنە سەرەکیەکانی بەیەکدادانی تیرۆرستی و خولقێنەرانی شەڕی تایفی و دینی و قەومی لە ساحەکە دووردەکەونەوە. خەڵك ئاهێکی بەبەردادێتەوە بۆئەوەی کێشەی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی میلیشایی و حزب و لایەنە بورژوازیەکان یەکلابکاتەوەو بچێتە شەڕی ئایندەی سیاسی و داخوازیەکانی.

خەڵکی عێراق و کوردستان، حزب و لایەنی سیاسی کەخاوەنی ئیرادەی سەربەخۆی خۆیانن، ئەو لایەنانەی دڵیان بۆ گێرانەوەی ئەمنیەت لێدەدات و لە گۆشەیەکەو خۆیان بەهاوچارەنووسی خەڵك دەزانن، تادەگات بە خەڵکی پێشکەوتنخواز و ئینسان دۆست، لەهەر شوێنێك هەن پێویستە بەڕووی ئەم ڕێکەوتاننامە بەناو ئەمنی و دیپلۆماسیەدا بوەستنەوەو نەهێڵن ئەمە بەسەمەر بگات، ئەم ڕێکەوتننامەیە کە ناوی ڕێکەوتننامەی ئەمنییە، ڕێکەوتننامەی نائەمن ڕاگرتن و میلیتاریزەکردنی عێراق و کوردستان و ناوچەکەیە بۆ چەندین دەهەی داهاتوو. ئەوەش کەدەتوانێ بەر بگرێ بە مۆرکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە و لە ئێستاوە هەوڵەکانی نەزۆك بکات، هاتنە مەیدانی ڕیزی خەڵکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازە، ڕیزی مۆدیرنیزمی کۆمەڵگایە کە دژی کەڵەگایی ئەمریکاو ملهوری ئیسلامی سیاسی و جمهوری ئیسلامییە، کەدژی میلیتاریزم و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەیە، کەدژی شەڕی تایفی و قەومی و دینییە، کە خوازیاری گێرانەوەی سەروەری و ئیرادەی سەربەخۆی خەڵکی عێراق و کوردستانە.

ئێمە لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەپاڵ ئەم بەرە سەربەخۆ و مۆدێرنە داین، هەڵگری ئاڵای ئازادین لەدژی داگیرکاری، هەڵگری ئاڵای سەربەخۆین بۆ کوردستان، هەڵگری ئاڵای خەباتکارانەین بۆ وەدەرنانی ئەمریکاو دژی دەستێوەردان و ملهوڕی نواندنی هێزەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیان. بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین کە بەهەموو شێوەیەك لەدژی ئەم ڕێکەوتننامە بەناو ئەمنیەی ئەمریکاو حکومەتی مالکیدا بوەستنەوەو لەگەڵ ئێمە قۆڵی خەباتکارانەی لێهەڵماڵن.